## بۆ ئەوەی جارێکی دیکە جینۆساید نەکرێینەوە

عەلی مەحمود



ئەمڕۆ پێنج شەمە ١٧-٧ بەشێك لە رێکخراوەکانی جینۆساید , لە شارەکانی هەولێر, سلێمانی, هەڵەبجە, رزگاری , چەمچەماڵ بە بۆنەی رۆژی دادپەروەری تاوانکاری جیهانی گردبوونەوەو کۆنفرانسی رۆژنامەنووسیمان ئەنجامدا , کۆمەڵێ داواکاریمان خستە بەردەم رایگشتی کوردستانی و عێراقی . دەقی بەیاننامەکەمان ئەمەی خوارەوەیە:

لە یادی ٢٧ ساڵەی دادپەروەری تاوانکاری جیهانیدا

پەیماننامەی ڕۆما کە ٢٧ ساڵ لەمەوپێش و لە ١٧-٧-١٩٩٨ بریاری لەسەر دراوە, تا ئێستا چەندین جار هەموارکراوەتەوە و ٢٣ ساڵ لەمەوپێش و لە یەکی یۆلی ٢٠٠٢ وە دەستی بەکار کردووە, لە ئێستادا ١٢٤ وڵات پەسندی پەیمانامەکە و دادگاکەیان کردووەو هەنووکە ئەندامن تیایدا، هەروەها ١٣٩ وڵات واژۆیان لەسەر کردووە.
عێراق لە بەرواری ١٥-٢-٢٠٠٥ بەو ڕێککەوتنەوە پەیوەست بووە، بەڵام بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەك دوای دوو هەفتە پاشەکشەی لێکردووە.
٢٣ ساڵە ئەم دادگایە بەهەموو کەموکوڕیەکان و ئەو رەخنانەی لێی گیراوە بۆتە بەربەستێك تا رادەیەك هەستپێکراو لەبەردەم ئەنجامدانی تاوانە زەقەکان" تاوانەکانی جینۆساید, تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و

عدوان" و تا رادەیەك کەمکردنەوەیان, لەم پێناوەدا ئێمە زیاتر لە ٢٠ ساڵە بێ پسانەوە کار بۆ بە ئەندام بوونی عێراق لە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی دەکەین.
لە یادی ٢٧ ساڵەی بڕیاری پێکهێنانی دادگاکەو ٢٣ ساڵەی دەست بەکار بونی ئەو دادگایە و ڕۆژی دادپەروەری تاوانی جیهانی, وەك گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە, لە هەموو گەلانی دیکە زیاتر پێویستمان بە دادگایەکی جیهانی لەم چەشنە هەیە, بەهۆی ئەو تاوانانەی لە رابردوو بەرامبەرمان کراون, بۆیە داواکارین:
- عێراق پەیماننامەی رۆما واژۆ بکات و بە زووترین کات پەیوەست بوونی خۆی بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی رابگەیەنێت, بۆ ئەوەی دڵنەواییمان بداتێ عێراقی ئەمڕۆ و ئاییندە جیایە لە عێراقی تاوان و جینۆسایدی پێشوو, بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پەرلەمانی عێراق بە رۆڵی خۆی هەڵبستێت.
- حکومەتی عێراق و پەرلەمانی عێراق فشار بخەنە سەر حکومەتی کوردستان ٢٥٨ تۆمەتباری ئەنفال وەك تاوانبار سەیر بکەن و دادگایی بکرێن.
- حکومەتی عێراقی هەموو ئەوانەی وەك تۆمەتبار ناویان لە کەیسەکانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان هاتووە دادگایی بکات.
- حکومەتی عێراقی قەرەبووی مادی و مەعنەوی قوربانیانی رژێمی پێشوو بکاتەوە بێ جیاوازی, لە داوای لێبوردن کردن لێیان و قەرەبووی مادییان تا گەڕانەوەی روفاتی ئازیزانیان.
- حکومەتی عێراقی پێشوازی لە هیچ کەسێك نەکات لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە داواکراو بێت, یان گومان لێکراوبێت لە ئەنجامدان و بەشداریکردن لەو تاوانانەی لە تایبەتمەندی دادگای ناوبراوە.
- پەلە بکرێت لە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هێنانەوەی روفاتی قوربانیان و ئەنجامدانی پشکنین بۆ ناسینەوەیان.
- قەرەبووی مادی و مەعنەوەی قوربانیانی تاوانەکانی جینۆساید, تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جەنگ لە عێرقدا بکرێتەوەو تاوانباران لە سزا رزگاریان نەبێت.
- دادگای باڵای تاوانەکان عێراق چالاك بکرێتەوە, تاوانبارانی جینۆساید بێ جیاوازی هەموو دادگایی بکرێن و لە سزا رزگاریان نەبێت.

- -تۆڕی رێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی – Koncicc

-کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیاوی هەڵەبجە
- چاودێری کوردۆساید-چاك
-تۆڕی ئایکان کوردستان ـ IKN
-رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان ـ OAWMD
-رێکخراوی هەڵمەتی دادپەروەری ـ OJC
-رێکخراوی جیهانی بێ چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی- WWW
-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان
-گۆڤاری تۆبزاوە
-رۆژنامەی نگرە سەلمان
– رێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان
-رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید- Kwg

٢٠٢٥-٧-١٧

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠